DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi12.1



Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کاریگەرێتی ئازادیی رۆژنامەگەریی لەسەر پیشەی رۆژنامەوانیی لە هەرێمی کوردستان دا

پ.ی.د. فؤاد عەلی ئەحمەد

fuad.ahmed@univsul.edu.iq

م. عادل حمەعارف مؤمن

adil.muemen@univsul.edu.iq

بەشی ڕاگەیاندن - کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی

**پوختە:**

مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، پێجۆرییەکی توخمە زیندووەکانی کاری رۆژنامەنووسییە لە کوردستان دا، کە ئازادیی و کاریگەریی دەستنیشاندەکات لە ژێر سایەی یاساکانی رۆژنامەنووسیی و، دەستییۆەردانی کەسێتیی سیاسیی و باڵا دەست و خودی حزبەکان لە کاری رۆژنامەنووسان و، کاریگەریی ئەمانە بۆسەر پێگەکانی دەسەڵات لە بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان و ناسەقامگیریی رەوشی رۆژنامەنووسیی دا. ئەم توێژینەوەیە بایەخدانە بە ئازادیی رۆژنامەگەریی بواری میدیای نوسراو و بیستراو و بینراو و، دووەمیشیان ئازادیی رۆژنامەگەریی و چەمکەکانی پەیوەست بە ئازادیی رۆژنامەگەریی لەگەڵ وردەکاریی لەسەر کاریگەرێتی ئەو بەربەستانەی کە رووبەڕووی دەبنەوە. ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەیەکی وەسفی دادەنرێت، کە رێگای راپرسیی بەکارهێناوە بۆ وەرگرتنی رای رۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان، پەنجا نموونە پشکنینی (سامپڵ) وەرگیراوە وەک نوێنەری کۆمەڵگای توێژینەوەکە رۆژنامەنووسان لە کەناڵە جیاوازەکانی رۆژنامە و تەلەفزیۆن و رادیۆ و پێگە ئەلکترۆنییەکان بگرێتەوە و، مەودای کاتییش بۆ راپرسیی و شیکردنەوەکان چوار مانگی خایاندووە لە ماوەی نێوان ٢٠٢٠/٥/٢٠- ٢٠٢٠/٩/١٥. ناساندنی نموونە پشکنینی (سامپڵی) کۆمەڵگەی راپرسییەکە لە پێنج یەکەی شوناسدا خراوەتەڕوو، کە راپرسییەکانی ئەم توێژیینەوەیە لە پێنج تەوەرەی سەرەکییدا داڕێژراون، کە بە هوموویان ٢٥ بگۆڕی کاریگەر دەگرنەخۆ، کە وەک توخمە سەرەکییەکانی رەوشی رۆژنامەوانیی لە ئێستادا بەهەندوەرگیراون. ئەنجامی راپرسیی بگۆڕەکان بە پێی چارتی پای نمیاشکراون لە پلە یان ئاستی راپرسییەکان «هەمیشە، هەرگیز، هەندێکجار» و «کەم، زۆر، تارادەیەک). ئەنجامەکانی ئەم راپرسییە بایەخی توخمەکانی هەڵسەنگاندن و کێشە و چارەسەر و پێشنیازەکانی ئەم توێژیینەوەیە بە رادەیەکی گونجاو دەردەخەن، رێژەی دەنگدانەکان لەسەر بگۆڕە مەترسییەکانی سەر رۆژنامەنووس و رۆژنامەوانیی بەرزن کە زیاتر خۆی لە هەڕەشە و ترس دا دەبینێتەوە بۆ سەر رۆژنامەنووسان و کاری رۆژنامەنوسیی، ئەمەش زیاتر لە بگۆڕەکانی پێوەست بە زاڵێتیی بڕگە سزاییەکانی یاسای رۆژنامەوانیی و، هەندێ لە توخمەکانی تریش کاریگەریی بەرچاوی خۆیان هەیە لە کات و شوێنی کارکردندا.

**کلیلە وشەکان: ئازادیی رۆژنامەوانیی، ، سانسۆری سەر رۆژنامەنووسیی، زاڵێتیی سزا لە یاسای رۆژنامەوانیی ، هەڕەشەی ئەمنیی و سیاسیی، تیرۆری رۆژنامەنووس، جێندەری رۆژنامەوانیی.**

Recieved: 15/11/2021
Accepted: 16/12/2021



E-ISSN: 2790525-X

P-ISSN: 27905268

ڕۆژنامەگەریی لە شاری نموونە پشکنینەکە، ڕادەی هەستکردن بە هەبوونی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە دەستگای کارکردنی نموونە پشکنینەکە، ڕادەی سەختیی گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاریی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە پاشان ئازادیی ڕەخنەگرتن لە کارەکانی حکومەت. ئەمانەش لە شێوەکانی (١١-١٥) دا خراونەتەڕوو.

تەوەری سێیەم: فشارە ئابورییەکانی سەر پیشەی ڕۆژنامەگەریی بە پێی پێنج بگۆڕ کە بریتیین لە:
هەڕەشەکردن بە بڕینی مووچە یان دەرکردنی ڕۆژنامەنووس لەکارەکەی، هەڕەشەکردن بە پێنەدانی پاداشتی کاری ڕۆژنامەنووس، ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕەخنەیی، بڵاوکردنەوەی هەمو ئەو بابەتانەی کە خزمەت بە سپۆنسەرەکان دەکات و پاشان کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە لایەن هەژموونی ئابوورییەوە.
ئەمانەش لە شێوەکانی (١٦-٢٠) دا خراونەتەڕوو.

٢١-٢٥.

تەوەری چوارەم: فشارە کۆمەڵایەتیی و پیشەییەکانی سەر پیشەی ڕۆژنامەگەریی بە پێی پێنج بگۆڕە کە بریتین لە: فشاری کارگێڕیی و بەڕێوەبەر و سەرنووسەر، داب و نەریتی ڕێگر لەبەردەم پیشەی ڕۆژنامەگەریی، کاریگەریی جێندەریی لە کاری پیشەی ڕۆژنامەگەریی، بەدوادانەچوونی ڕۆژنامەوانیی بۆ توخمە کۆمەڵایەتییەکان پاشان فشاری خزم خزمێنە و هاوڕێیەتیی بۆ سەر ڕۆژنامەنووس. ئەمانەش لە شێوەکانی (٢١-٢٥) دا خراونەتەڕوو.

تەوەری پێنجەم: فشارە یاساییەکانی سەر پیشەی ڕۆژنامەگەریی بە پێی پێنج بگۆڕ کە بریتیین لە: ناڕۆشنیی و ماناجیاوازیی یاسای ڕۆژنامەگەریی، یاسای ڕۆژنامەگەریی و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، بەهانەدانی ڕۆژنامەگەریی بە دەسەڵات، زاڵێتیی برگەکانی سزا لە یاسای ڕۆژنامەگەریی دا پاشان لاوازیی و هەموارکردنەوەی برگەکانی پارێزگارییکردن لە ڕۆژنامەنووسان. ئەمانەش لە شێوەکانی (٢٦-٣٠) دا خراونەتەڕوو.

تەوەری شەشەم: تەرخانە بۆ ڕاپرسییەک دەربارەی پێشنیازکراوەکانی ڕۆژنامەنوسان کە وەک فشارێک دایدەنێن بۆ پەیوەندیی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بە پیشەی ڕۆژنامەنوسییەوە، کە پێنج پێشنیازە و تەنها یەک شێوەی بۆ تەرخانکراوە (شێوەی ٣١).

دوا بەشی توێژینەوەکە تەرخانە بۆ دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەی پێویست بەم قۆناغەی ڕۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان.

## بەشی یەکەم:

## ١-کێشەی توێژینەوەکە:

جیاواز لەو قۆناغەی ڕۆژنامەگەریی کوردیی کە تەنها پارتە سیاسییەکان خاوەنی دامەزراوەی ڕۆژنامەگەریی بوون، نزیکەی دەیەیەك لەدوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ و لەگەڵ دەرکەوتنی بازاڕی ئازاد لە هەرێمی کوردستان دا، بە سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەریی ئەهلیی و تایبەت دادەنرێت، ئەم گەشەکردنە سیاسیی و ئابوریی و یاساییەی هەرێمی کوردستان، کاریگەریی لەسەر خۆپێناسەکردنێکی تازەی کاری ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان دانا و، سەرجەم کاریگەرییان لەسەر پەیوەندیی نێوان کاری ڕۆژنامەگەریی و دەسەڵاتی سیاسیی دروستکرد.

سەرەرای ئەو گۆڕانکارییانەی کە ناوچەکە بەگشتیی و هەرێمی کوردستانی لە رووی ئاستی ئازادییەوە بەتایبەتی گرتۆتەوە بە ئازادیی ڕۆژنامەگەرییشەوە، بەڵام چەندین بەربەست و هۆکاری یاسایی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی

و ئابوریـی و پیشـەیی کاریگەرییـان لەسـەر واتـای راسـتەقینەی پیادەکردنـی رۆژانـەی ئازادیـی پیشـەی رۆژنامەگەریـی لـە هەرێمـی کوردسـتان دا هەیـە و، بـوون بـە کێشـە و جێـگای پرسـیار لـە رووی بابەتییبـوون و راسـتگەیاندن و سـەربەخۆیی ئـەو دامەزراوانـە.

لێـرەدا توێـژەران لەهەمـوو لایەنـە کاریگەرەکانـی پەیوەسـت بـە ئازادیـی رۆژنامەگەریـی و پیـادەی پیشـەکە لـە هەرێمـی کوردسـتان دەکۆڵنـەوە، لەگـەڵ ئـەو روانگـە و هـۆکارە یاسـایی و سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی و ئابوریـی و پیشـەییانەی چـواردەوری ژینگـەی پیشـەی رۆژنامەگەرییـان لـە هەرێمـی کوردسـتان دا داوە.

٢-گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگـی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـەو گۆڕانکاریـی و ریفۆرمـە سیاسـیی و گەشـەکردنە ئابوریـی و تەکنەلۆجیایـی و یاساییانەی کـە ناوچەکـە بەگشـتیی و هەرێمـی کوردسـتان بـە تایبەتـی گرتۆتـەوە و، کاریگـەری راسـتەوخۆی لەسـەر ئازادیـی رۆژنامەگەریـی هەیـە و بەشـێکە لـە کۆڵەکـە سـەرەکییەکانی دیموکراسـیی لـە هەرێمـی کوردسـتان دا.

ئەم توێژینەوەیە لەچەند خاڵێکدا گرنگە:

١-ئـازادی رۆژنامەگەریـی پەیوەسـتە بـە ئازادیـی بەدەسـتهێنانی زانیاریـی لای جەمـاوەر و، پێکـەوە بـە یەکێـك لـە کۆڵەکـە سـەرەکییەکانی کۆمەڵـی دیموکراسـیی بـە گشـتیی و کۆمەڵـی کوردەواریـی بەتایبەتیـی دادەنرێـت.

٢-ئـازادی پیادەکردنـی کاری رۆژنامەگەریـی رۆژنامـەوان لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـە هێڵـی یەکەمـی بەرگریـی لـە جەمـاوەر دادەنرێـت.

٣-ئـەم توێژینەوەیـە لـە رووی مەعریفـە و ئەکادیمیایـی و راگەیانـدن و زانسـتییەوە گرنگـە، چونکـە لـە چوارچێـوەی شـیکردنەوەی سیسـتمەکە لەلایـەك لـە کاریگـەری ئازادیـی نێردەرانـی دامـەزراوە رۆژنامەوانییـە کوردییـەکان دەکۆڵێتـەوە، کـە پێوەسـتن بـە بەرپرسـیاریەتیی کۆمەڵایەتیـی و دەرگاوانـەکان و لـە لایەکیـتر ئەوانـە چ کاریگەرییـەك لەسـەر پیشـەی رۆژنامەگەریـی لـە هەرێمـی کوردسـتان بەجێدەهێڵـن.

٤-ئـەم توێژینەوەیـە گرنگییەکـەی لەوەدایـە کـە لـە روانگـەی چەندیـن فاکتـەری ئەمنیـی و سیاسـیی و ئابوریـی و کۆمەڵایەتیـی و یاسـایی و پیشـەیی دەکۆڵێتـەوە، کـە کاریگەرییـان لەسـەر رادەی ئازادیـی رۆژنامەگەریـی کوردیـی لەسـەر پیشـەی کاری رۆژنامەوانیـی رۆژانـەدا هەیـە.

٣-پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی پرسیارەکانی تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بداتەوە:

١- ئـەو بەربەسـتە ئەمنیـی و یاسـایی و سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی و ئابوریـی و پیشـەییانە کامانـەن کـە رۆژنامەوانـی هەرێمـی کوردسـتان وەهـای دەبینـن، کـە رێگـرن لەبـەردەم پیشـەی رۆژنامەگەریـی لـە هەرێمـی کوردسـتان دا؟

٢-سروشـتی ئـەو فشـارانە کامانـەن کـە روبـەڕووی رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان دەبنـەوە و کاریگەریـی لەسـەر پیشـەی رۆژنامەوانیـی رۆژانەیـان دروسـتدەکات؟

٣-پێشـنیازەکانی رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان چیـن بـۆ ئـەوەی بتوانـن بـە ئازادیـی پیـادەکاری پیشـەی رۆژنامەگەریـی بکـەن؟

٤-ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا کورتدەکرێنەوە:

١- دیاریکردنی سیماکانی ئازادیی رۆژنامەگەریی لەلایەن رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانەوە.

٢- دۆزینەوەی ئەو ڕێگریانەی کە دەبنە بەربەست لە کاری ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان دا.

٣- زانینی بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان لەسەر دۆخی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان هەیە.

٤- ناسینی پێشنیازەکانی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، کە پەیوەندی بە ئازادیی پیشەی ڕۆژانەی ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە.

٥-سنووری توێژینەوەکە:

ئەم سنوورانە بۆ توێژینەوەکە دیاریکراون:

١-سنووری شوێن: هەرێمی کوردستان(دامەزراوەکانی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و رادیۆ و پێگە ئەلکترۆنییەکان).

٢-سنووری کات: ٢٠٢٠/٩/١٥ - ٢٠٢٠/٥/٢٠

٣-سنووری مرۆیی: ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان.

٤-سنووری بابەت: توێژینەوە لەسەر کاریگەرێتی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لەسەر پیشەی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەن.

٦-راستگۆیی توێژینەوەکە:

راستگۆیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قۆناغی دوای دروستکردنی فۆرمی راپرسیی و، دواتر ئەو فۆرمە خراوەتە بەردەستی پسپۆڕانی بوارەکە هەتا تێبینییەکانیان بخەنەڕوو، بە تێبینییەکانیان سوود بە توێژینەوەکە بگەیەنن١، کە لە کۆی گشتیی خاڵەکانی توێژەران، لە لای پسپۆڕان لە ٩٦٪ لارییان لێی نەبووە.

## بەشی دووەم:

## پێداچوونەوەیەک بۆ توێژینەوە و کارە مەیدانییە پێشینەکان

### ١-ئازادیی ڕۆژنامەگەریی:

ئازادیی بۆ ڕۆژنامەنووس و فەزای ڕۆژنامەنووسیی بابەتێکی گرنگە لای پسپۆڕانی پەیوەندییکردن، سەرەڕای ئەوە بووە بە جێگای بایەخی بیرمەند و فەیلەسووف و یاساناس و ڕۆژنامەنووسان و، تەنانەت زۆرینەی خەڵك، بۆیە دەبینین چەمکەکانی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بە گوێرەی ئایدیۆلۆجیا و قۆناغە مێژووییەکان و، ئەوانەی پێناسەی ئەم چەمکە دەکەن دەگۆڕێت.

واتە ئەم چەمکە بە پێی قوتابخانە و ڕێباز و تیۆرەکانی سیستەمی میدیایی دەگۆڕێت، وەك ئایدیۆلۆجیای دەسەڵات و لیبراڵیی و سۆشیالیستیی و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی و تیۆری گەشەپێدان و بەشداریی دیموکراسیی.
١

ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بریتییە لە نەهێشتنی بەربەستە یاسایی و نایاسایی و دیار و نادیارەکان، کە دەبنە هۆی ئەوەی بەربەست لەبەردەم دامەزراندنی دامەزراوەی میدیایی و گەیشتنی ڕۆژنامەوان بە سەرچاوەکانی زانیاریی و، دەربڕین و بیروبۆچوون و چارەسەرکردن و چاپکردن و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنیان دروستبکەن، یاخود ڕێگریکردن لەهەر کارێکی ڕۆژنامەوانیی، بە واتایەکی تر؛ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بریتییە لەوەی ڕۆژنامەوان لە

١ د. نەزاکەت حسێن حەمە سەعید، بەشی ڕاگەیاندن، تەلەفزیۆن، زانکۆی سلێمانی. لەگەڵ د.هێرش ڕەسوڵ، ڕۆژنامە، زانکۆی پۆلی تەکنیك. لەگەڵ د. عومەر ڕەمەزان، بەشی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە، زانکۆی سلێمانی.

تێکرای کاری رۆژنامەگەرییدا هییچ بەربەستێك نەیەتە رێگایان، هەڵبەتە ئەم ئازادییە بەندە بە ئازادیی کەسی تاکەکان و، بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵ و ئیتییك و بەها کۆمەڵایەتییەکان.
بەربەستەکانی ئازادیی رۆژنامەگەریی، بریتییە لە هەبونی رەگەزی نەرێنیی و رێگریی لەبەردەم سیستمەکانی رۆژنامەگەریی یان هەبونی فشاری سیستەمیی کۆمەڵایەتیی، بە جۆرێك ئەو رێگریی و کۆسپانە دەبن بە بەربەست لەبەردەم کاری رۆژنامەگەریی و سنوردارییدەکەن.٢
دوور لە لایەنی ئایدیۆلۆجیایی، دەکرێت لە سێ لایەنەوە سەیری ئازادیی رۆژنامەگەریی بکرێت: یەکەم: نەبونی بەربەست و رووبەڕووبوونەوە حکومییەکان بە شێوەیەکی رێژەیی، دووەم: نەبوونی رێژەیی سەرجەم بەربەست و رووبەڕووبوونەوەی حکومیی و ئەوانی تر، سێیەم: ئەمە تەنها مانای ئەوە نییە کە هیچ بەربەست و رێگرییەك لەبەردەم کاری رۆژنامەگەرییدا نییە، بەڵکو بریتییە لەو ژینگەیەی، کە رۆژنامەنووس بیروبۆچوونی خۆی تێدا بڵاودەکاتەوە و، هییچ پەیوەندییەکی بە بەربەستە حکومییەکانەوە نییە. ٣
بەم شێوەیە ئازادیی رۆژنامەگەریی لە کۆندا بە واتای ئازادیی چاپخانە، بەڵام لە ئێستادا بە واتای ئازادیی سەرنوسەر لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و راوبۆچوونە جیاوازەکان، کە حکومەت و گرووپەکانی کۆمەڵگە رازیی بن یان نا، بەڵام ئەم ئازادییە پەیوەستە بە یاسای ناوزڕاندن و هێرشنەکردنە سەر حکومەت و دەرنەچوون لە بنەما ئاینییەکان و پاراستنی ئاسایش و ئادابی گشتیی کۆمەڵگە.٤
بە شێوەیەکی گشتیی ئازادیی رۆژنامەگەریی میدیا بە گشتیی و رۆژنامە بە تایبەتیی دەگرێتەوە، کەواتە ئازادیی رۆژنامەگەریی بواری میدیای نوسراو و بیستراو و بینراو دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتیی ئازادیی رۆژنامەگەریی وەها ناسراوە، کە بریتیی بێت لە مافی تاك بۆ دەربڕینی راو و بۆچوونەکانی لە رێگای چاپەمەنییەکانی وەك رۆژنامە و کتێب و گۆڤار وناملیکە و ریکلام، بەبێ ئەوەی ئەو چاپەمەنییانە مۆڵەتی پێشوەخت وەربگرن یان سانسۆری پێشینەیان لەسەربێت.
بەڵام لەراستییدا، ئازادیی رۆژنامەگەریی زۆر زیاترە لە ئازادی چاپ و بڵاوکردنەوە، ئەمە زیاتر پەیوەندیی بە ئازادیی رادەربڕینەوە هەیە کە بابەتی وتراو یان نوسراو یان چاپکراو بەهەر ئامرازێك بڵاوبکرێتەوە دەگرێتەوە، ئەمە ئازادیی ئەدەبیی و هونەریی و گوتاریی و هونەری دەربڕینیش دەگرێتەوە. ٥
هەروەها ئازادیی رۆژنامەگەریی، لەوەش گەورەترە تەنها بریتیی بێت لە ئازادیی رادەربڕین بەڵکو بەگشتیی مافی پەیوەندییکردنە، کە بریتییە لە ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی لێشاوی زانیاریی و ئازادیی گەیشتن بە ئامرازەکانی میدیا و پەیوەندییکردن، واتە مافی ناردن و وەرگرتنی زانیاریی، کەواتە مافی پەیوەندییکردن زۆر گەورەترە لە مافی ئازادیی رۆژنامەگەریی کە بریتییە لە گەیشتن و کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوە و گواستنەوەی زانیاریی، ئەمەش تەنها بە رێگای رۆژنامەوە نابێت بەڵکو بەهۆی سەرجەم ئامرازەکانی رادەربرین و گواستنەوەی زانیارییەوە دەبێت، هەروەها مافی ئازادیی پەیوەندییکردن زۆر لە مافی ئازادیی رادەربڕین زیاترە بەو پێیەی تەنها بریتیی نییە لە ناردنی زانیاریی بەڵکو وەرگرتنی زانیارییش دەگرێتەوە، کەواتە ئازادیی رۆژنامەگەریی بریتییە لە لایەنی پراکتیکیی ئازادیی رادەربڕین و، کە ئەویش لقێکە لە لقەکانی مافی پەیوەندییکردن.٦
مادەی ١٩ لە راگەیانراوی جیهانیی کە ٣/ئایاری هەموو ساڵێکە و، بریتییە لە مافی ئازادیی رادەربرین بەم شێوەیە: «هەمو کەس مافی ئازادیی بۆچوون و رادەربرینی هەیە، ئەمەش ئەو ماف و ئازادییانە دەگرێتەوە کە هەر کەسێك دەتوانێت پیادەیبکات بەبێ هیچ بەربەست و رێگرییەك، ئەمانە مافی وەرگرتن و ناردن

و گواستنەوەی زانیاریی دەگرێتەوە و، بۆ هەرکەسێك و بە هەر ئامرازێك بینێرێت بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ سنورێك».٧

مومارەسەی کاری میدیایی بە ئاماژەکانی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی دەپێورێت کە بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەژێرەوەی ئەم ریزبەندییەدان، ئەمە خاڵێکی رەشە لە ژینگەی ڕۆژنامەگەریدا کە نائارام و نادۆست و هەندێکجار ژینگەی دوژمنکارانەیە لە روی یاسایی و سیاسیی و ئابوری و ڕێکخراوەییەوە بۆ کار و ئازادیی ڕۆژنامەگەریی.٨

ئازادیی میدیایی بریتییە لە ئازادیی گشتی هزر بە هەمو شێوەکانیەوە: رادەربرین بەهۆی وشە و گوتار و هاوارکردن و گۆرانی و نوسین و چاپەمەنی و ڕۆژنامەی خولەکی و شانۆ و سینەما و رادیۆ و تەلەفزیۆن، ئەمە تێروانینێکی هاوسەنگانەیە بۆ ئازادیی میدیایی.

هەروەها ئازادیی ڕۆژنامەوانیی زۆر پێناسەی تری هەیە: مافی هەر کەسێکە لە پێدانی زانیاری بۆ ئەو بابەتانەی کە لای خەڵك گرنگن و دەیەوێت بیزانێت، مافی خەڵك بۆ ئاڵوگۆر و دەستکەوتنی زانیاری لەهەر سەرچاوەیەکەوەبێت، مافی خەڵك لە دەرکردنی ڕۆژنامە و ئازادیی رادەربرین بەبێ سانسۆری پێشوەخت.٩

بەڵام ئازادیی راگەیاندن بریتیە لە چەند چەمکێك گرنگترینیان بریتیە لە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و ئازادیی بۆچوون و ئازادیی پەخشی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیی و ئازادیی تۆڕەکانی زانیاریی.١٠

هەروەها ئازادیی راگەیاندن ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە پێکهێنانی رای گشتییدا، بەجۆرێك ئەو بۆچوونە بەگوێرەی ئەو ئازادییە بێت کە راگەیاندن پیادەیدەکات، ئەگەر راگەیاندن لایەنگیریی دەسەڵات بێت وەك ئەوەی لە سیستمی دەسەڵاتی دکتاتۆرییدا هەیە، لەو کاتەدا راگەیاندن لایەنگری دەستەبژێری دەسەڵاتە، بە پێچەوانەوە لە سیستمی دیموکراسییدا کە لەسەر بنەمای فرەیی سیاسیی و حزبییدایە و بۆ پێکهێنانی رای گشتیی ئازادییەکی تەواوی هەیە، کە لەسەر بنەمای هۆشیاریی سیاسیی و پروپاگەندە بونیادنراوە و، میدیا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە بەشدارییکردنی فەزای گشتیی بۆ گفتوگۆی سیاسیی و کاریگەری سایکۆلۆجیایی و کۆمەڵایەتیی.١١ لێرەدا، ئازادیی میدیا واتە کۆمەڵێکی ئازاد و هەبوونی سیستەمێکی سیاسیی- دیموکراسیی کە لەسەر بەرژەوەندیی گشتیی دروستبووە نەك بە پێچەوانەوە لەسەر بەرژەوەندی حزب و سەرکردە و تاك دروستبووبێت.

٢-یاساکانی ئازادیی راگەیاندن

ئازادیی راگەیاندن بەندە بە کۆمەڵێك کۆت و بەندەوە: ١٢

١-جیاوازی نێوان تیۆرەکانی سیستەمی راگەیاندن(دەسەڵاتی خۆسەپێنیی، لیبراڵیی، سۆشیالیستیی).

٢-یاسا ڕێکخراوەکانی بواری راگەیاندن کە زۆرجار شێوازی سانسۆری سیاسیی و ئایدیۆلۆجیایی وەردەگرن.

٣-راگەیاندن لە ئێستادا کاریگەریی تەکنەلۆجیای زۆر لەسەرە و، سەرمایەیەکی زۆری بۆ بەگەرخستنی دەوێت.

٤-لە ئێستادا پڕوپاگەندە هەژمونێکی زۆری بەسەر پەیامە میدیاییەکانەوە هەیە و، کاریگەریی لەسەر دۆخی ئازادیی راگەیاندن داناوە.

## دەکرێت ئەو کۆت و بەندانەی سەرەرەوە چەندین شێوازی پابەندبوون لەخۆبگرێت:

- پابەندبوون بەرامبەر بە یاسا.
- بەربەستی ڕێکارە کارگێڕییەکان.
- بەربەستە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان.

دەستوورەکانی زۆرینەی وڵاتان ئاماژەیانداوە بە ئازادیی رادەربڕین و بڵاوکردنەوە و رۆژنامەگەریی، جەخت لەوەدەکەنەوە کە ئازادیی رۆژنامەگەریی یەکێکە لە شێوەکانی ئازادیی رادەربڕین و یەکێکە لە ئازادییە گشتییەکانی کۆمەڵ.١٣

ولبەرشرام، لە سێ لایەنەوە باس لە ئازادیی رۆژنامەگەریی دەکات:١٤

١-ئازادیی مەعریفیی: بریتییە لە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست بۆ ئەوەی بتوانین ژیانمان رێکبخەین و، هەتا بتوانین لە بڕیار و دەسەڵاتدا بەشداربین، ئەمەش مافێکی کۆمەڵایەتییە و هەموو خەڵك دەگرێتەوە.

٢-ئازادیی وتن: بریتییە لە مافی گواستنەوەی زانیاریی و پێکهێنانی بیروباوەڕە بە ئازادیی دەربارەی هەر بابەتێك و گفتوگۆکردنە لەسەری، مەبەست لەم مافە «ئازادیی رۆژنامەگەرییە» مافی جەماوەرە کە بە ئازادیی ئامڕازەکانی پەیوەندییکردن و راگەیاندنی جەماوەریی بەکاربهێنن.

٣-ئازادیی گەڕان و پشکنین: بریتییە لە مافی بەدەستهێنان و گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاریی لە لایەن نێرەرانی دامەزراوەکانی پەیوەندییکردن و راگەیاندنەوە و لە هەمان کاتدا گەیاندنی بە کۆمەڵ، ئەم مافەیە لە ئێستادا بووە بە گرنگترین کێشە لە نێوان رۆژنامەنوسان و دامەزراوەکانی راگەیاندن لەلایەك و دەسەڵاتە حوکومڕانییو سیاسییەکان لەلایەکی ترەوە.


ولبەرشرام جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرەکیترین بەرپرسیارێتیی رۆژنامونوسان لە دامەزراوە رۆژنامەگەرییەکاندا ئەوەیە کە بەرگریی لەو سێ مافە بکات و رێگانەدات هییچ دەسەڵاتێك دەستوەربداتە کاروبارەکانی، باشترین ئامڕازیش بۆ بەرگرییکردن لە ئازادیی بریتییە لە بەرپرسیارێتیی رۆژنامەنوسان، واتە هاوسەنگیی لە نێوان ئازادیی و بەرپرسیارێتیی.

سەرەرای هەموو ئەوانە، هێشتا ناتوانرێت سیستەمی راگەیاندن وەك دامەزراوە و گۆڕاوێکی سەربەخۆ سەیربکرێت، بەڵکو بریتییە لە لقە سیستەمێك لەنێو سیستەمی کۆمەڵایەتیی گشتیی، هەم کاریگەرێتیی هەیە و هەم چەند بگۆڕێکی وەك (ئەمنیی و ئابوریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و یاسایی و پیشەیی) کاریگەرێتی لەسەر ئەم سیستەمە درووستدەکات، بۆیە سیستەمی راگەیاندن سیستەمێکی کراوەیە و لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا کارلێکدەکات، بۆیە سیستەمی دامەزراوەی راگەیاندن بە تایبەتی ئازادیی رۆژنامەگەریی، لەگەڵ ژینگە و لقە سیستەمەکەیدا پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕپێکراویان هەیە.١٥بۆیە کاتێك باس لە ئازادیی رۆژنامەگەریی دەکرێت و توێژەران توێژینەوە لەوبارەیەوە بەجێدەهێنن، ئەوا پێویستە بگۆڕە ئەمنیی و ئابوریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و پیشەییەکان بەهەند وەربگیرێن کە کاریگەرییان لەسەر ئازادیی رۆژنامەگەریی هەیە.

## بەشی سێیەم:
## بەشی کردەیی توێژینەوەکە


١-ناساندنی مشتەی توێژینەوەکە:

زۆرینەی نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) لە جێندەری نێرن کە بەپلەی یەکەم دێن، کە رێژەی ٦٣،٣٪ پێکدێنن و پاشان لە پلەی دووەمی جێندەردا، مێ هاتووە. بڕوانە شێوەی (١).





شێوەی (١) وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە بەپێی جێندەر

زۆرینـەی نموونـە پشـکنیینەکان (سـامپڵ) تەمەنیـان لەنێـوان ٤٠ – ٤٤ سـاڵیدایە کـە بەپلـەی یەکـەم دێـن، پاشـان ئاسـتی تەمەنـی ٢٥ – ٢٩ سـاڵ کەمتریـن رێـژە پێـك دەهێنـن کـە کۆتاپلەیـان وەرگرتـووە. بڕوانـە شـێوەی (٢).





شێوەی(٢) وەڵامی مشتەی توێژنەوەکە بەپێی تەمەن

زۆرینـەی نموونـە پشـکنیینەکان (سـامپڵ) هەڵگـری بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـن کـە رێژەیـان ٣٧،٥٪ کـە لەپلـەی یەکەمـدا هاتـوون، پاشـان هەڵگرانـی بڕوانامـەی ئامادەیـی کەمتریـن رێژەیـان هەیـە کـە تەنهـا ٤،٢٪ پێـك دەهێنـن. سـەیری شـێوەی (٣) بکـە.





شێوەی (٣) وەڵامی مشتەی توێژنەوەکە بەپێی ئاستی خوێندن

زۆرینەی نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) کە ڕێژەیان ٢٦,٥٪ ئەزموونی کارکردنیان لەبواری ڕۆژنامەنووسییدا ٦ – ١٠ ساڵە کە بە پلەی یەکەم دێن، پاشان لەپلەکانی کۆتاییدا هەر دوو ئەزموونی کارکردنی ١١ – ١٥ ساڵ و ٢١ – ٢٥ ساڵ دێن بەهەمان ڕێژە ئامادەبوونیان هەیە کە ١٠,٢٪ ، بڕوانە شێوەی (٤).




شێوەی(٤) وەڵامی مشتەی توێژنەوەکە بەپێی ساڵانی
خزمەت لە بواری ڕۆژنامەنووسیی


زۆرینەی نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) کە ڕێژەیان لە ٣٠,٦٪ زۆرترین کاری میدیاییان لەبواری خوێندراودا کردووە کە لە پەلەی یەکەمدا هاتوون، بواری میدیای بیستراو و پێگە ئەلەکترۆنییەکان هەریەکەیان لای نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بەڕێژەی ٢٢,٤٪ کۆتا پلەیان وەرگرتووە، بڕوانە شێوەی (٥).




شێوەی (٥) وەڵامی مشتەی توێژنەوەکە بەپێی
ئەو بوارە میدیایەی کە زۆرتر کاریان تێداکردووە


٢-تەوەری یەکەم: فشارە ئەمنییەکانی سەر پیشەی رۆژنامەگەریی:

زیاتر لە نیوەی نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) کە رێژەیان ٨١،٦٪ ئاماژەیانداوە بەوەی کە هەندێکجار هەڕەشەکردن و توندوتیژیی دەرونی وەك فشارێکی ئەمنیی بەکارهێنراوە بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان، بڕوانە شێوەی (٦).





شێوەی (٦) وەڵامی مشتە بەپێی هەڕەشەکردن و توندوتیژیی دەروونیی

زیاتر لە نیوەی نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) کە رێژەیان ٨٠٪ ئاماژەیانداوە کە هەندێکجار رۆژنامەنووسان رووبەڕووی گرتن و لێدان بوونەتەوە، کە ئەمەش رێژەیەکی بەرز و مەترسییدارە، بڕوانە شێوەی (٧).





شێوەی (٧) وەڵامی مشتە بەپێی گرتن و لێدانی
ڕۆژنامەنووسان (توندوتیژیی جەستەیی)

نموونە پشکنیینەکان (سامپڵ) بە ڕێژەیەکی بەرز کە ٨٦٪ پێکدەهێنن، ئاماژەیانداوە کە هەندێکجار دەستبەسەر کەلوپەلی ڕۆژنامەنووساندا دەگیرێت، بڕوانە شێوەی (٨).





شێوەی (٨) وەڵامی مشتە سەبارەت بە دەستبەسەراگرتنی
کەلوپەلی ڕۆژنامەنووسان

نموونە پشکنیینەکان (سامپڵ) بە ڕێژەیەکی بەرز کە ٩٠٪ پێکدەهێنن ئاماژەیانداوە کە هەندێکجار بارەگاکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دادەخرێن و دەستیان بەسەردا دەگیرێت، بڕوانە شێوەی (٩).




شێوەی (٩) وەڵامی مشتە بۆ داخستن و دەستبەسەراگرتنی
بارەگای دامەزراوەکانی راگەیاندن


نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بە رێژەیەکی بەرز کە ٨٨٪ پێکدەهێنن ئاماژەیانداوە کە هەندێکجار رۆژنامەنووسان رووبەڕووی تیرۆکردن دەبنەوە، کە ئەمە دوا رێکارگرتنەبەری دەسەڵاتە، بە زەوتکردن و سەندنەوەی ژیان لە رۆژنامەنووسان. بە راستیی ئەمە مەترسییە هەرەگەورەکەیە، بڕوانە شێوەی (١٠).




شێوەی (١٠) وەڵامی مشتە بۆ تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان


٣-تەوەری دووەم: فشارە سیاسییەکانی سەر پیشەی رۆژنامەگەریی

زیاتر لەنیوەی نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بۆچوونیان وایە تا رادەیەك ئازادیی لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە کە رێژەیان ٦١,٢٪ ، بڕوانە شێوەی (١١).





شێوەی (١١) رادەدەی هەستکردن بە هەبوونی
ئازادیی رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان دا

زیاتر لەنیوەی نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) کە رێژەیان ٥٩,٢٪ رایان وایە تا رادەدەیەك ئازادیی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دا بوونی هەیە، بڕوانە شێوەی (١٢).





شێوەی (١٢) رادەی هەستکردن بە بوونی ئازادیی رۆژنامەگەریی
لە شاری نموونە پشکنینەکە

زیاتر لەنیوەی نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) کە رێژەیان ٦٦,٧٪ رایان وایە تا رادەیەك ئازادیی رۆژنامەگەریی لەو دەستگایەی کە کاردەکەن تیایدا، بوونی هەیە. بڕوانە شێوەی (١٣).





شێوەی (١٣) رادەی هەستکردن بە هەبوونی ئازادیی رۆژنامەگەریی
لە دەستگای کارکردنی نموونە پشکنینەکە

زۆرینـەی نموونـە پشـکنینەکان (سـامپڵ) کـە رێژەیـان ٤٢٪ رایـان وایـە گەیشـتن بـە سـەرچاوەی زانیارییـەکان سـەختە، ئـەوەش بەهـۆکاری ئـەوەی کۆنترۆڵکـراوە لەلایـەن دەسـەڵاتەوە، پاشـان لـە پلـەی دووەمـدا بەربەسـتە ئەمنییـەکان دێـن. لـە کۆتاپلەشـدا بەربەسـتە یاسـاییەکانی دێـن، بڕوانـە شـێوەی (١٤).




شێوەی (١٤) رادەی سەختیی گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاریی
لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە


نموونـە پشـکنینەکان (سـامپڵ) بـە رێژەیەکـی بـەرز کـە ٨٠٪ پێـك دەهێنـن رایـان وایـە هەندێکجـار رۆژنامەنووسـان بەئازادیـی رەخنـە لـە کارەکانـی حکومـەت دەگـرن، لەپلـەی کۆتاییشـدا نموونـە پشـکنینەکان (سـامپڵ) بـە رێـژەی تەنهـا ٦٪ پێیـان وایـە کـە هەرگیـز رێگـە بـە رۆژنامەنووسـان نادرێـت رەخنـە لـە کارەکانـی حکومـەت بگـرن. بڕوانـە شـێوەی (١٥).




شێوەی (١٥) ئازادیی رەخنەگرتن لە کارەکانی حکومەت


٤- تەوەری سێیەم: فشارە ئابورییەکانی سەر پیشەی رۆژنامەگەریی

نموونە پشکنیینەکان (سامپڵ) بە رێژەیەکی بەرز کە ٧٦٪ پێك دەهێنن کە لەپلەی یەکەمدان رایان وایە هەندێکجار رۆژنامەنووسان هەرەشەیان لێدەکرێت بە برینی مووچەکانیان یان دەرکردنیان لە دەستگا رۆژنامەنووسییەکانیان، تەنها رێژەی ٤٪ رایان وایە رۆژنامەنووسان هەرگیز هەڕەشەیان لێناکرێت لەو بارەیەوە. بڕوانە شێوەی (١٦).





شێوەی (١٦) هەڕەشەکردن بە بڕینی مووچە یان دەرکردنی رۆژنامەنووس لەکارەکەی

نموونە پشکنیینەکان (سامپڵ) بە رژەیەکی بەرز کە ٨٣,٧٪ پێکدەهێنن کە لە پلەی یەکەمدان، رایان وایە هەندێکجار رۆژنامەنووسان هەرەشەی پێنەدانی پاداشتی کارەکەیان لێدەکرێت، تەنها رێژەی ٦,١٪ رایان وایە رۆژنامەنووسان هەمیشە هەڕەشەیان لێدەکرێت لەو بارەیەوە. بڕوانە شێوەی (١٧).





شێوەی (١٧) هەڕەشەکردن بە پێنەدانی پاداشتی کاری ڕۆژنامەنووس

نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بە ڕێژەیەکی بەرز کە ٨٠٪ پێکدەهێنن کە لە پلەی یەکەمدان، رایان وایە هەندێکجار ڕۆژنامەنووسان ڕێگریان لێدەکرێت بە بڵاوکردنەوەی بابەتی رەخنەیی، تەنها ڕێژەی ٨٪ رایان وایە ڕۆژنامەنووسان هەمیشە هەڕەشەیان لێدەکرێت لەو بارەیەوە. بڕوانە شێوەی (١٨).





شێوەی (١٨) ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕەخنەیی

زیاتر لە نیوەی نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) کە لە پلەی یەکەمدا دێن و ڕێژەیان ٦٦٪، رایان وایە کە ڕۆژنامەنووسان هەندێکجار ئەو بابەتانە بڵاودەکەنەوە کە خزمەت بە سپۆنسەرەکان دەکات، تەنها ڕێژەی ١٠٪ رایان وایە ڕۆژنامەنووسان هەرگیز ئەو جۆرە بابەتانە بڵاوناکەنەوە، بڕوانە شێوەی (١٩).




شێوەی (١٩) بڵاوکردنەوەی هەمو ئەو بابەتانەی کە خزمەت بە سپۆنسەرەکان دەکات


٥٠٪ نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) کە نیوەی ڕێژەی کۆی گشتیی دەکات، پێیان وایە هەمیشە هەژمونی ئابووریی کۆنترۆڵی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی کردووە، لەبەرامبەریشدا بە هەمان ڕێژە هەندێکجار ئاماژەی پێکراوە، بڕوانە شێوەی (٢٠).




شێوەی (٢٠) کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە لایەن هەژموونی ئابوورییەوە


٥- تەوەری چوارەم: فشارە کۆمەڵایەتیی و پیشەییەکانی سەر پیشەی ڕۆژنامەگەریی

نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بە ڕێژەی ٧٩,٦٪ کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە پێیان وایە ڕۆژنامەنووسان هەندێکجار ڕووبەڕووی فشارە کارگێڕییەکان و بەڕێوەبەران و سەرنووسەرەکان دەبنەوە، بڕوانە شێوەی (٢١).





شێوەی (٢١) فشاری کارگێڕیی و بەڕێوەبەر و سەرنووسەر

نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بە ڕێژەی ٧٢٪ کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، پێیان وایە هەندێک داب و نەریت ڕێگرن لەبەردەم پیشەی رۆژنامەگەریی و بڵاونەکردنەوەی ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانە و چارەسەرنەکردنی رۆژنامەوانییانە بۆیان، بڕوانە شێوەی (٢٢).





شێوەی (٢٢) داب و نەریتی ڕێگر لەبەردەم پیشەی رۆژنامەگەریی

نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بە رێژەی ٦٩,٤٪ کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، پێیانوایە هەندێکجار کاریگەریی جێندەریی (جیاوازی توخمی نێر و مێ) لە پیشەی رۆژنامەگەرییدا دەبینرێت، بڕوانە شێوەی (٢٣).





شێوەی (٢٣) کاریگەریی جێندەریی لە کاری پیشەی ڕۆژنامەگەریی

نموونـە پشـکنینەکان (سـامپڵ) بـە ڕێـژەی ٧٩,٢٪ کـە پلـەی یەکەمیـان وەرگرتـووە، پێیـان وایـە هەندێکجـار ڕۆژنامەنووسـان بەدواداچـوون بـۆ توخمـە پێکهاتـە کۆمەڵایەتییـەکان (ئایـن، بەهـا، بەرژەوەندیـی گشـتیی، ژیانـی تایبـەت) ناکـەن لـە نموونـەی: بابەتەکانـی (ئایـن، بەهـا، بەرژەوەنـدی گشـتی، ژیانـی تایبـەت)، بڕوانـە شـێوەی (٢٤).




شێوەی (٢٤) بەدوادانەچوونی ڕۆژنامەوانیی بۆ توخمە کۆمەڵایەتییەکان


نموونـە پشـکنینەکان (سـامپڵ) بـە ڕێـژەی ٦٨٪ کە پلـەی یەکەمیـان وەرگرتـووە، پێیان وایـە هەندێکجار ڕۆژنامەنووسـان ڕووبـەڕووی فشـاری جیـاوازی خـزم خزمێنـە و هاوڕێیەتی دەبنـەوە، بڕوانە شـێوەی (٢٥).




شێوەی (٢٥) فشاری خزم خزمێنە و هاوڕێیەتیی بۆ سەر ڕۆژنامەنووس


٦- تەوەری پێنجەم: فشارە یاساییەکانی سەر پیشەی ڕۆژنامەگەریی

نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بە ڕێژەی ٦٦٪، ڕایان وایە هەندێکجار یاسای ڕۆژنامەگەریی ناڕۆشنە و لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت، بڕوانە شێوەی (٢٦).





شێوەی (٢٦) ناڕۆشنیی و ماناجیاوازیی یاسای ڕۆژنامەگەریی

نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بە ڕێژەی ٧٤٪، ڕایان وایە هەندێکجار یاسای پیشەی ڕۆژنامەگەریی ئازادییەکانی بەرتەسککردۆتەوە، بڕوانە شێوەی (٢٧).





شێوەی (٢٧) یاسای ڕۆژنامەگەریی و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان

نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بە ڕێژەی ٦٠٪، ڕایان وایە هەندێکجار یاسای پیشەی ڕۆژنامەگەریی بەهانەی باش دەدات بە دەست دەسەڵاتەوە، بڕوانە شێوەی (٢٨).





شێوەی (٢٨) بەهانەدانی رۆژنامەگەریی بە دەسەلات

نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بە ڕێژەیەکی بەرز کە ٨٠٪ پێکدەهێنن، ڕایان وایە هەندێکجار بڕگەکانی سزا لە یاسای رۆژنامەگەرییدا زاڵن، بڕوانە شێوەی (٢٩).




شێوەی (٢٩) زاڵێتیی بڕگەکانی سزا لە یاسای رۆژنامەگەریی دا


نموونە پشکنینەکان (سامپڵ) بە ڕێژەی ٥٤٪، ڕایان وایە بڕگەکانی پارێزگارییکردن (پاراستنی) رۆژنامەنووسان هەندێکجار لاوازن و پێویستە هەمواربکرێنەوە، بڕوانە شێوەی (٣٠).




شێوەی (٣٠) لاوازیی و هەمواركردنەوەی بڕگەکانی پارێزگارییکردن لە رۆژنامەنووسان

٧- تـەوەری شەشـەم: فشـارە پێشـنیازکراوەکانی رۆژنامەنوسـان بـۆ پەیوەندیـی ئازادیـی رۆژنامەگەریـی بـە پیشـەی رۆژنامەنوسـییەوە.

نموونـە پشـکنینەکان (سـامپڵ) ڕێژەیـان نزیکـە سـەبارەت بـە هـەر پێشـنیازێك، دەربـارەی ئازادیـی و پیشـەی رۆژنامەنووسـیی، بەجۆرێـك ٢٣,٣٪ پێشـنیازدەکەن رۆژنامەنووسـان دەسـتنەبەن بـۆ ژیانـی تایبەتیـی کەسـەکان. لـە پلـەی دووەمیشـدا کـە رێژەیـان ٢٢٪ پێشـنیازدەکەن دامـەزراوە ئەمنییـەکان دەسـتوەرنەدەن لـە پیشـەی رۆژنامەگەریی. دواتریـش لـە پلـەی سـێیەمدا ٢١,٤٪ رایـان وایـە کارئاسـانی بکرێـت بـۆ گەیشـتن بـە سـەرچاوەکانی زانیاریـی و، پێشـنیازی بەکارنەهێنانـی پێگـەی رۆژنامەگەریـی بـۆ بەرژەوەندیـی کەسـیی لەپلـەی چوارەمـدا هاتـووە بـە رێـژەی ٢٠,١٪ و، کۆتـا پلـەش نموونـەی پشـکنین بـە رێـژەی ١٣,٢٪ جەختدەکەنـەوە لـەوەی رۆژنامەنووسـان پشتنەبەسـتن بـە شـێوازی وروژانـدن و بڵاوکردنـەوەی توندوتیژیـی، بڕوانـە شـێوەی (٣١).




شێوەی (٣١)

پێشنیازەکان تایبەت بە پەیوەندی ئازادیی رۆژنامەگەریی بە پیشەی رۆژنامەنوسییەوە

دەرەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە:

ا- دەرەنجام:

١- کاری رۆژنامەوانی لەهەرێمی کوردستان دا تا رادەیەک رووبەڕووی رێگریی و بەربەستی جیاواز بووەتەوە.

٢- لە هەرێمی کوردستان دا تا رادەیەک ئازادیی کاری رۆژنامەوانیی رەخساوە.

٣- بەزۆری فشارە ئەمنییەکان رێگرن لە پیادەکردنی ئازادیی رۆژنامەوانیی.

٤- یاسای رۆژنامەوانیی بەتەواوەتیی ئازادیی رۆژنامەوانیی گەرەنتی نەکردووە.

ب- ڕاسپاردە:

١- توێژینەوە بکرێت دەربارەی جیاوازیی فشارەکانی حکومەت لەسەر دەزگا ڕۆژنامەوانییە حزبیی و ناحزبییەکان.

٢- توێژینەوە بکرێت دەربارەی جیاوازیی فشارەکانی حزب و کەسایەتییەکان لەسەر دەزگا رۆژنامەوانییە حزبیی و ناحزبییەکان.

پ- پێشنیار:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە بەهێرش و پەلاماری حزب و کەسایەتییەکان نەدات بۆ سەر رۆژنامەوانان و دەستگاکانیان.

٢- رۆژنامەنووس لە هەرێمی کوردستان دا پەیڕەوی ئیتیک و یاسای کاری رۆژنامەوانیی بکات.

٣- یاسای رۆژنامەوانی هەمواربکرێتەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- أحلام باي، معوقات حرية الصحافة في الجزائر، الجزائر، رسالة ماجستير منشورة، ٢٠٠٧،ص١٣.

٢- المصدر نفسه، ص١٤.

٣- المصدر نفسه، ص١٣.

٤- المؤتمرات العلمية لجامعة بيروت العربية، ٢٠٠٠،ص ٥٢-٥٣.

٥- المصدر نفسه، ص٥٥.

٦- أحلام باي، مصدر سابق، ص١٥.

٧- ar.unesco.org/commemorations/worldpressfreedomday،اليوم العالمي لحرية الصحافة ٣/ايار ٢٠١٩، الاعلام من اجل الديمقراطية، المؤتمر العالمي، اديس ابابا-اثيوبيا.

٨- محمد الراجي، مركز الجزيرة للدراسات، الدراسات الاعلامية، حرية الصحافة الالكترونية في الاردن و مؤشرات الصديقة والكابحة للحريات، ٢٠١٩، ص١٧.

٩- أسامة الكيلاني، حرية الإعلام وتأثيرها المباشرعلى المجتمعات، فلسطين،٢٠١٣،ص١٣.

١٠- أمينة نبيح - رسالة الماجستير في علوم الإعلام والاتصال من جامعة الجزائر، نشرت فى ٢٨ أكتوبر ٢٠٠٩.

١١- د. مصطفى الحفناوي – الدعاية السياسية ولاستعلام – القاهرة، مطبعة جريدة قناة السويس، ١٩٥٤، ص ٧٦.

١٢- محمد الراجي، مصدر سابق، ص١٧ .

١٣- احمد بدر، الاتصال بالجماهير بين الاعلان والدعاية و التنمية، الكويت، وكالة المطبوعات، ط٢،١٩٨٢،ص٢٩٥.

١٤- سامى غزيز، الصحافة مسؤولية وسلطة، القاهرة، مؤسسة دار الشعب، ١٩٨١، ص٥٩-٦٠،

١٥- نرمين نبيل الازرق، التشريعات الخاصة بملكية الصحف في مصر، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة القاهرة كلية الاعلام، ٢٠٠٢، ص٤١-٤٢.

## ملخص الدراسة:

تغطي حرية الصحافة مجال الإعلام المكتوب، المرئي، المسموع، المعترف به عمومًا على أنه حرية الصحافة ، والتي تشمل حق الفرد في التعبير عن آرائه وآرائه من خلال المنشورات مثل الصحف والكتب والمجلات والنشرات والإعلانات ، دون نشر مسبق أو نشر. على القمة.

هنا ، يستكشف الباحثون الضغوط والحواجز الأمنية والقانونية والسياسية والاجتماعية والاقتصادية والمهنية التي تعيق الصحفيين في إقليم كوردستان ومهنة الصحافة في إقليم كوردستان.

تعتبر هذه الدراسة دراسة وصفية استخدمت طريقة المسح لاخذ بنظر الاعتبار راى الصحفيين في إقليم كوردستان حول تأثير حرية الصحافة على مهنة الصحافة في إقليم كوردستان.

يضم مجتمع البحث صحفيين من اقليم كوردستان وعينة منهم تمثل مجتمع البحث ، ويتكون من (٥٠) صحفياً من مختلف الصحف والتلفزيون والراديو والمواقع الالكترونية وعبر شبكة الاذاعة والاذاعة الصينية. ٥ / ٢٠٢٠- ٢٠٢٠/٩/١٥ بعنوان «أثر حرية الصحافة على الصحافة في إقليم كوردستان» (الصحافة المهنية في إقليم كوردستان أنموذجا).

## The Impact of Freedom of the Press on Journalism in the Kurdistan Region

## Abstract

Freedom of the press covers the field of written, oral, and visual media, generally recognized as freedom of the press, which includes the right of the individual to express his views and opinions through publications such as newspapers, books, magazines, pamphlets, and advertisements, without pre-publication or publication. On top.

Here, the researchers explore the pressures, security, legal, political, social, economic, and professional barriers that hinder journalists in the Kurdistan Region and the journalism profession in the Kurdistan Region.

This study is considered to be a descriptive study that used a survey method to gain the opinion of journalists in the Kurdistan Region on the impact of press freedom on the journalism profession in the Kurdistan Region.

The research community includes journalists from the Kurdistan Region, the sample of which represents the research community, and consists of (50) journalists from various newspapers, television, radio, and electronic sites, and through the media and the Chinese media. 5 / 2020- 152020/9/ entitled “The Impact of Freedom of the Press on Journalism in the Kurdistan Region” (Professional Journalism in the Kurdistan Region, for example).